
www.kungfutoa.ch/ayub.rahmani



# شەڕی قەومی چۆن هەڵدەگیرسێت و کێ لێی تاوانبارە؟

**شەبەحی شەڕێکی نارەوا لە ناوچەی دەور و بەری کوردستان بە ڕیوەیە، کورد ئەبێ چی بکات؟**

ئەیوب ڕەحمانی
rahmayub@yahoo.de

## پێشەکی

شەڕە قەومیەکان چ لە مێژوی کۆندا و چ لە قۆناخی ئێستادا، دوای شەڕی براکوژی کە من پێم وایە شەڕی براکوژی کەودەنانەترین[1] شەڕەکانە، ناخۆشترین و خراپترین شەڕەکان بون، کە هیوادارم توش هیچ وڵاتێک نەبنەوە و لە کوردەکانیش بە دور بن. دیارە تەنێ بە هیوادار بون کێشەکە حەل نابێت بەڵکو کوردەکان بە لێزانینی سیاسی و تاکتیک و ستراتیژییێکی دروست و هەروەها و گرنگتر لە هەمو ئەمانە یەکگرتویی و یەک بەلێنی و یەک دەنگی دەتوانن بە باشترین شێوە ئا لەم سەردەمە دژوارەدا بە سەربەرزی بێنە دەرەوە و خۆیان لەم شەڕە کە لە سەر ڕێییانە بپارێزێن یا خۆ تێیدا سەرکەون. ئا لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە کە تاکتیک و ستراتێژی و سیاسەتی دروست ئالەم هەلومەرجەدا چین؟ کە دوایێ حەول دەدەم بێمەوە سەر ئەمە و مالومیشە و ئیسباتیش کراوە کە کوردەکان شەر خواز نین، بەڵام ئەمە کافی نیە بۆ توش شەڕ نەبون چونکو تۆ شەڕ ناکەی بەڵام داگیرکەرەکانی ناوچەکە شەڕ بە کورد دەفرۆشن! لە خوارەوەتر دوای هێنانی دو نمونە دێمەوە سەر ئەم خاڵەش!!

نمونەی شەڕە قەومیەکان زۆرن و کەم نین، بۆ وێنە چاو لە شەڕە قەومیەکانی ئەفریقا بکەن کە لە شەوی 06 لە سەر 07ی ئاپڕیلی 1994 لە وڵاتی رواندا لە بەینی هووتو و توتزیەکاندا ڕویدا و 100 ڕۆژ درێژەی کێشا و لەم ماوەدا تا یەک میلیون توتزی بە دەست هووتوەکانەوە کوژران. کە دیارە ساڵی 1990 توتزیەکان کە خۆیان لە ئوگاندا سازمان دابووەوە و حیزبێکی نەتەوەیی و یەکگرتویان بە ناوی "جەبهەی نەتەوەیی ڕواندا (RPF)" دروست کردبووە، توانیان هێز لە ڕواندا بە دەستەوە بگرنەوە و کۆتایی بە کۆمەڵکوژیەکانی خۆیان بێنن. هەروەها بڕواننە شەڕە قەومیەکانی یوگوسلاوی کۆن کە لە بەینی سێربەکان، دژی قەومە بندەستەکانی خۆیان وەک بۆسنیایەکان و ماتیدۆنی و ئاڵبانیەکان و کرواتەکان و هتد ڕویاندا. ئایا لە هەردوک نمونەکەدا ئەو هەمو کوژراو و خوێنە ڕژاوانەتان لە تلویزیۆنەکانەوە دەبینی؟ بە میلیون کوژراو چ لە ئەفریقا و چ لە

[1] شەڕی ناوخۆیی کەودەنترین شەڕەکانن، یەکەم بۆ ئەوەی کە برا، برا دەکوژێت! دوهەم دوای شەڕەکە یەکسەر پەشیمانی بە دواوەیە و تازە برا زیندو نابێتەوە و سێهەم هەر دو لایەنی شەڕ زەرەری گەورەی ئینسانی دەکەن و هێزی ئینسانیان لێ کەم دەبێتەوە و دۆست و هەوادارەکانیشیان لە دەست دەدەن، چوارەم هەمو گەل زەعیف و ناهومێد دەکات و پێنجەم زەربەی زۆر قورس لە یەکڕیزی و یەکگرتویی نەتەوە دەدات و شەشەم دوژمن زۆر زوتر لەوەی کە تۆ بە خۆتت زانیبێت هەم ئاگری شەڕەکەی خۆشتر کردوە و یا لەوانەشە خۆی هەڵگیرسێنەری شەڕەکە بوبێت و هەمیش ئەم هەلە بە خێراییێکی بێ وێنە دەقۆزێتەوە بۆ خۆی و حەوتەم ئیعتیباری وڵات لە جیهانی دەرەوە و لای سیاسەتمەدارەکانیتر نامێنێت و هەشتەم ئەمنیەت نامێنێت بۆ سەرمایەگوزاری خاریجی لە ناو وڵاتەکەت و دوای ماوەێک ئابوریشت نابود دەبێت و هتد...

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**یوگوسلاوی کۆن دەستە دەستە لە سەر یەک هەڵچندرابون، ئەوانە لە شەڕی قەومیدا کوژرابون، ئەمە بو ئاکامی شەڕی قەومی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا!**

**هەنوکە لە دەسپێکی سەدەی بیست و یەکدا ڕژیمە خوێنمژەکانی ئێران و تورکیا بە ئامادە کردنی** 200.000 **هێزی سەربازی تورکیە لە پشت مەرزەکانی باشوری کوردستان و هێزێکی کەم وێنەی سپای پاسدارانی ئێرانیش وەک کاتی شەڕی ئێران و عێڕاق لە پشت مەرزەکانی باشوری کوردستان، ئەڵبەت هەردوکیان لە ناو خاکی داگیرکراوی ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستانەوە، خۆ حازر کردنێکی تەواو و عەیار و کەماڵە بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی نامرۆڤانەی دژی کورد و هەڵگیرسانی شەڕێکی قەومیە لەو ناوچە ئاڵۆزەدا. تورکیا بە تەمایە هەمو باشوری کوردستان داگیر بکات، هەر وەک لە نەخشە کێشانەکانیانڕا کە لە کاتی هەک کردنی ماڵپەڕە کوردیەکاندا دەری دەخەن، و ئێرانیش بە تەمایە لە گەڵ شیعەکان یەک بگرێتەوە و پەرە بە خۆی بدات و ئاوات و ئارەزوەکانی خومەینی بو گرتنی کەربەلاو و نەجەف بە جێ بێنێت. واتە هەردوکیان بە تەمان، نەتەنیا کوردەکان بۆ هەمیشە خاپور و خەفە کەنەوە، بەڵکو پەرە بە خاک و وڵاتی خۆشیان بەن!!**

## کێ هەڵگیرسێنەری شەڕە قەومیەکانە؟



**شەڕە قەومیەکان چ لە ژێر سێبەری دیکتاتۆڕێکدا بکرێت و لە ناو یەک وڵات دا بێت، وەک کوردەکان لە گەڵ حکومەتی داگیرکەری خۆیاندا و چ دو وڵات پێکەوە، وەک شەڕفرۆشتنەکانی حکومەتی فاشیستی تورکیە و ئێران بە کوردی باشور، لە هەردوک حاڵەتەکەدا وەک هەمو شەڕێکیتر لە لێک حاڵی نەبونی دو قەوم، یا <u>خۆ بە زل زانینی قەومی داگیرکەر</u> و یاخۆ تەماح و بردنەپێشەوەی سیاسەتی فاشیستیانەی وڵاتی هێڕشکەر و دوا بە دوا دەربڕینی ناڕەزایەتی و بەرگری و پارێزگاری لە دژی هێڕشکەردا و هاوکات یاخی بون و بەرزکردنەوەی داوای ماف هەڵدەگیرسێت.**

**بە پێچەوانەی ئەم تێئۆریەش هەنوکە لێرە و لەوێ دەبیسترێت. بۆ نمونە تەواویەت خوازەکان و چەپە مەشکوکەکان، نەک چەپ بە گشتی، پێیان وایە کە لەو حاڵەتەدا <u>شەڕ هەلگیرسێنەر، قەومی ژێر دەستەیە</u>! بۆ ئەوەی کە داوای ماف دەکات. ئەوان پێیان وایە کە ئەگەر ژێردەستە قانع بێت بە بەشەکەی خۆی و <u>وڵات تەجزیە نەکات</u>، ئیتر هیچ شەڕێک لە گۆڕێدا نابێت و قەومی باڵادەستیش هێژمۆنی باڵادەستەبونی خۆی دەپارێزێت و هەر کاتێکیش هەوەسی کرد تاڵانت دەکات و ڕێگەت لێ دەگرێت و سەرکوتیشت دەکات و ژیان هەروا درێژەی دەبێت و قەومی ژێر دەستەش بە دەست گرتنەوە و سواڵکردن، درێژە بە ژیانی تا ئێستای خۆی دەدات و لە برسیشا نامرێت. نە چەرمەکە ئاو دەیبات و نە پردەکەش دەڕوخێت و نە خوینێکیش دەڕژێت و نە ئاغا بان سەریش توڕە و عەسەبی دەبێت و نە وڵاتی عەزیزیش بەش بەش دەبێت!!! ئەوان دەڵێن باشە بۆ وا دەکەن، بۆ شەڕ هەڵدەگیرسێنن و بۆ ئاژاوە دەنێنەوە، قانع بن قانع، ماف مافی چیتانە، بخۆن و مەمرن ئیتر**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**چیتان دەوێت؟ یا شەڕی قەومی ڕو نەدات!!! واتە خەتای بندەستەکانە کە شەڕی قەومی ڕو دەدات!! مەگەر قەومی باڵادەست چی ویستوە لە ئێوە بێجگە لە مانەوەی هێژمۆنی و قودرەتی خۆی و تەواویەتی عەرزی وڵاتەکە؟ ئایا شتێکیتری ویستوە؟ ئایا داوایکیتری لێتان کردوە؟ دە بەسی کەن بەس!!! یاخیبون تا کەی؟ تەجزیە تەڵەبی تا کەی؟!!**

**هەر وەک ئیشارەم پێکرد زۆر جار لێرە و لەوێ نوسراوەهایێک لە دژی شەڕی قەومی دەخوێنینە و دەبینین کە نوسەری ئەم بابەتانە حەول دەدەن کە خەتا و گوناهی سەرەکی ئەم جۆرە شەڕانە بنێن بە سەر گەلە بندەستەکاندا و ئەوان بە خەتابار بناسێنن و بڵێن ئەوە ئەوانن کە ئەم شەڕانە هەڵدەگیرسێنن و هەمو ڕوداوەکان بە پێچەوانە دەرخوارد خوێنەری خۆیان دەدەن و ئەگەر جوان سەرنجی ناوەرۆکی نوسراوەکانیان بدەی، ڕێک بۆ پشتیوانی لە درێژە پێدران و مانەوەی هێژمۆنی قەومی باڵا دەست بە سەر بندەستەکاندایە و لە ڕوانگەی ئەم کەسانەوە ئەوە خەتای بندەستەکانە کە بە بەرزکردنەوەی داوای ئازادی یا سەربەخۆیی دەبنە سەبەبی دروست بونی شەڕی قەومی و هەروەها دەڵێن کە ئەگەر <u>کەس باسی خۆی وەک قەوم یا نەتەوە نەکات</u> و بۆ نمونە وڵاتێکی وەک ئێران یا تورکیە هەر بەم شێوەی ئێستا بمێنێتەوە و بەس ڕژیمەکەی بگۆڕێ و دێمۆکڕاتیزە بکرێ، ئەوا شەڕی قەومی ڕونادات. ئەوان ڕاست دەکەن، ئەگەر کەس داوای ماف یا ئازادی نەکات و هەمو بەم وەزعەی ئێستا قانع و شوکرانەبژێر بن، ئەوا شەڕی قەومی ڕو نادات!! لەم حاڵەتەدا ئەوان دێن سوڕەتی مەسەلەکە یا خۆ پرسیارەکە دەکوژێننەوە و ئەگەر پرسیار نەما، ئەوا کێشەش نامێنێت و شەڕی قەومیش ڕو نادات، بەڵام ئەگەر ژێردەستەکان درێژە بە داوای ڕەوای خۆیان بەن و داوای ماف و ئازادی بکەن، ئەوە ئەوانن کە خەتاکارن و داگیرکەران حەقیانە کە سەرکوتیان کەن، چونکو ژێردەستەکان دێن لە خۆڕا داوای ماف دەکەن و یاخی بون! واتە ژێر دەستە دەبێت هەر لە ئاپارتایدا بمێنێت و هیچ مافێکی نیە!!!**

**جا گەلۆ وردبنەوە لەم سیاسەتە پێچەوانە کە هێندێک لە پێشکیسوەتەکانی ئێمەش چ لە ڕابردودا و چ لە حاڵی حازردا شوێنی کەوتون و باوەڕیان پێیەتی! دەبی هەمومان پێکەوە بڵێین ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم!! دیارە ئەم جۆرە پۆلیتیکە کە ئەمانە لە گەڵ کوردی دەکەن و ساڵیانێکی درێژیشە هەر لە سەری بەردەوامن و هاوکات و هاودەنگ لە گەڵ داگیرکەرانی کوردستان درۆکانیان بە جێگایێک گەیاندوە و هێندە دوپاتیان کردۆتەوە کە نیوەی تاکی کورد یا کۆمەڵگای کورد باوەڕی پێکردون و هێندێکیشیان خۆیان بونەتە دەروێش و هۆگری ڕاستەقینەی ئەم بۆچونە پوچ و بی بایەخانە!**

## تاکتیک و سیاسەت و ستراتێژی دروست لەم کاتەدا چیە؟

**من دەڵێم <u>تەنانەت</u> ئەگەر گریمان حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان زۆر باش بن لە گەڵ نەتەوە بندەستەکانی خۆیاندا و گریمان مافی دەرەجە یەکیشیان پێ ببەخشن و زوڵم و زۆریشیان لێ نەکەن و سەرکوتیشیان نەکەن و خولاسە هەمو شتێکیش لە ئازادی و دێمۆکڕاسیدا بێت، من لە سەر ئەم باوەڕەم کە <u>هێشتا بەم حاڵەش</u> کوردەکان مافی خۆیانە و <u>دەبێت و لازمە</u> کە جیا وەبن و وڵاتی خۆیانیان هەبێت، خۆیان خۆیان ئیدارە بکەن، داهاتی وڵاتەکەیان خۆیان خەرجی وڵاتی خۆیانی بکەن و خولاسە دەبێ بڵێم کە ئەمە سەرەتاییترین مافە کە کورد وەک نەتەوەیێکی 42 میلیونی دەبێ بیانبێت و کەسیش بۆی نیە چ بە ناوی**

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

تەواویەتی عەرزی، چ بە ناوی پرۆلیتاریا و چ بە ناوی پیکەوە ژیانیکی زۆرەملەی فیدرالیستی و تەنانەت دیمۆکراتیکیش، کوردەکان لە ئیرادەی دروست کردنی کیانیکی سەربەخۆ بەر حەزەر بکاتن، بۆ مەگەر کوردەکان لە گەڵ ڕیژم گەلحۆن کە خەڵکی تر بیانبەن بە ڕیوە و کار و باریان بۆ بکەن؟ بۆ بۆخۆیان ناتوانن؟ دیارە دەتوانن و ڕیگایان لێ گرتون.

جا لە درێژەی ئەم باسەدا کە لە سەرەوە کردم، ئیستا هەمو ئەو ستەمانەی کە ناوم بردن لە کورد دەکرێن، وەک سەرکوت، کۆمەڵکوژی، تالان، ئازار، ئەشکەنجە، حەپس، نەبونی ئازادی، نەبونی دیمۆکراسی، جینۆساید و ئەنفال و شیمیایی و نەبونی ئازادی ژن، نەبونی ئازادی تەشەکوڵ و خۆپیشاندان و دروست نەکردنی بە ئەنقەستی کارخانەی پیشەسازی و بنمایکی ئابوری بۆ کورد و هەزاران نمونەیتر. هەمو ئەمانە بە ڕاشکاوی مافی بێ ئەملاولا دەدەن بە کوردەکان کە کیانیکی ئازاد و سەربەست و دیمۆکرات و سەربەخۆیان هەبێت. کەواتە ئایا بۆ ئەم مافە لە کورد زەوت کردوە؟ بۆ کورد بە زۆر دەلکینن بە خۆیاندا و پییان دەڵین ئیرانی و تورکی و عیراقی و سوری و مەشهەدی و شیرازی و تالشی و ئەرمەنی و جولەکە؟ ئایا منی تاکی کورد دەتوانم هەستم ئیرانی یا خۆ ئەوانیتر بێت؟ هەستم تورکی بێت؟ ناتوانم نا، بەزۆر نیە خۆ، بۆ درۆ لە گەڵ خۆما بکەم؟ لە گەڵ ئەمەشدا بۆ من نابێ خۆم ئیدارەی وڵاتی خۆم بە دەسمەوە بگرم و کەسی تر ئەم کارەم بۆ بکا؟ هەمو ئەم بیرۆکانەش هیچکامیان بە مانای ڕەگەزپەرەستی نین، کاتیک کە من دەم هەوێت خۆم ئیدارەی خۆم بکەم، ئەیوهەلناس! خۆ من وڵاتی کەس داگیر ناکەم و مافی کەسیش ژێر پێ نانێم، بەڵکو وەک کورد سەربەستی و سەربەخۆییم دەوێت، بۆ ئەمە لای هێندێک کەس بڤەیە؟ وڵامەکەی ڕونە، خۆی ئەمە لە ڕاستیدا بڤە نیە، بەڵکو شۆڤینیستەکان وای دەسەلمێنن، بۆ ئەوەی کە عەینیەت و زیهنیەتی ئەم پرسیارە گرنگە لە کورد وەشارن و لەم کارەشیانا ئەلحەق زۆر سەرکەوتو بون، تۆ چاو لێبکەن تەنانەت ناسیونالیستە کوردەکانیش ئەم شتە وا چۆتە ناو مێشکیانەوە کە ئەوانیش جورئەت بە خۆیان نادەن کە بڵێن ئێمە کوردین بەڵکو دەڵێن ئێمە ئێرانی و عێراقی و تورکیەیین، جا چ بگات بە باقی خەڵکەکە!!!! سەیری تلویزیونی تیشک بکەن، بۆتە خانەقا و حسەینیەی فارسەکان، گوێ لە قسەکانی مام جەلال بگرن، نوسراوەی فیدرالیستخوازەکان بخوێننەوە و هەمو شتێکتان بۆ دەردەکەوێت! حیزبە کوردیە سەرانسەری خوازەکەشمان کە هەر لێی گەڕێ، چۆ ئیران نباشد سر او مباد!!!

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە تاکتیک و سیاسەت و ستراتیژی سەنگین و بە پێز بۆ حەلی کێشەی کورد و نەمانی شەڕی قەومی، یەکەم یەکگرتن و یەکدەنگی و دروست کردنی بەرەیکی نەتەوایەتی گەلی کوردە لە هەمو کوردستان بۆ کاری شەو و ڕۆژی نەک بۆ فیز و ئیفادە و دوهەم بەرزکردنەوەی ئاڵا و دروشمی سەربەستی و سەرئەفرازی بۆ گەلی کورد لە ناو کیانی خۆیدایە وەک توتزیەکانی ڕواندا، وەک بۆسنیەکان و فەلەستینیەکان و وەک فارس و تورک و عەرەبیش، وەک هەمو وڵاتێکیتر. لەم حاڵەتەدا بۆ کام قەوم و وڵات جورئەت دەکات بە گژ کورددا بچێت؟ بۆ پێتان وایە لە هەمو لایکەوە گەمارو نادرێت؟ و ئەمەش ترس دەخاتە ناو جەرگ و دڵی دوژمنانی سوێندخواردوی کورد و ڕەنگە هەر نەشوێرن تخونت کەون. جا ئەگەر کورد بتوانێت بە یەکریزی و بە دور لە شەڕ سەربەستی بۆ خۆی مسوەگەر کات، کە ئەمە ئەو پەڕی خۆشبەختیە و ئەگەریش ناچار بێت، دەبێت شەڕی بۆ بکات و خوێنی زیاتری بۆ بڕێژێت، دوامە دوژمنان ئاشتیخواز نین! لە وڵامی ئەو کەسانەشدا کە پێیان وایە نەتەوەیی بون شتێکی خراپە، دەبێت رجوعیان بەم بە نوسراوەیکی ماوەیک لەمە پێشترم بە ناوی

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com

**"ئێرانچییەتی و عێراقچییەتی و تورکچییەتی و مافی سەروەری ئەم گەلانە"** **کە لە برواری** 2**ی پوشپەڕی** 2707 **لە سەر ماڵپەڕە کوردیەکان بڵاوم کردۆتەوە و لە سایتە مووەقەتەکەی خۆشمدا دەتوانن بیدۆزنەوە و لەوێ لە لاپەڕەی** 4 **چیرۆکی ناو سۆناکە بخوێننەوە، لەوێ دەمەوێت بڵێم کە ئەگەر نەتەوەیی بون خراپە و هەمو هەیانە و دەیکەن، با بۆ کوردیش هەر وەک هەمو کەسێکیتر خراپ بێت و با کوردیش کیانی خۆی ببێت، بەڵام مادام بۆ هەمو کەس خراپ نیە؟ با بۆ کوردیش خراپ نەبێت! کێ قسەی هەیە؟ مانەوەش لە چوارچێوەی وڵاتی داگیرکەردا دەبێت کورد خۆی بڕیاری لە سەر بدات، کە من لە گەڵ ئەوەشدا کە سەد دەرسەد دەزانم کە خەڵک بڕیاری جیابونەوە و کیانی سەربەخۆ دەدەن، نەک ژێردەستە مانەوە، بەڵام بەم حاڵەش، بڕیاری مانەوە بە زەرەر ئەندەر زەرەر دەزانم و کورد بە خەویش نابێت بڕیاری مانەوە لە چوارچێوەی داگیرکەری پێشودا بدات، من وەک تاکی خۆم بە تەواوی مانا دژی مانەوەم، بەڵام لەگەڵ دۆستایەتی و دراوسێیایەتییێکی گەرم و گوڕ و بێ وێنەم لە گەڵیان و دوای دروست کردنی کیانی کوردستان دەبێت کوردەکان هەمو کدورەت و شتە خراپەکان لە بیر خۆیان بەرنەوە و ڕو لە پێش و بەرەو پێش هەنگاو هەڵێنن و ڕابردو لە بیر بەرنەوە، ئەمەیە ڕەمزی سەرکەوتنی** 2 **لە دوا ڕۆژی سەرکەوتنی نەتەوایەتی و دروست کردنی وڵاتێکی سەربەخۆدا. ئەو ڕۆژانە نزیک دەبنەوە! کورد دەبێت بە خۆ ئامادەکردنیکی تەواو و بە وریایەوە لە گەڵ زروفەکە هەڵس و کەوت بکات. ئاسۆ ڕونە و دوا ڕۆژ هی کوردە، ئەگەر ئەمجارەش لە کیس خۆێ نەدات!!**

27**ی پوشپەڕی** 2707

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version http://www.pdffactory.com